# له پێناو کوردستانێکی نوێدا

نووسینی دکتۆر ڕزگار محمد گەڵاڵی
پیشاندانی ئەنداز کەریم

پەرتووکی ( له پێناو کوردستانێکی نوێدا ) له لایەن نووسەرو مامۆستای زانکۆ دکتۆر ڕزگار محمد قادر گەڵاڵی به قەوارەی 548 لاپەڕە کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە ،پەرتووکەکە بەشێوەیەی هاوسەنگ و ئەکادیمیانە باس له کێشە و پرسە هەنووکەییەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی خەڵکی کوردستان دەکات لەگەل دەستنیشانکردن و چارەسەریەکانی هەموو کەموکورتیەکانی کە هاتوونەتە بەردەم هەیکەلی ئیداری و حیزبی و حکومی هەر له پاش ڕاپەڕینەوە تاکو ئەمڕۆ،کتێبەکە تیشکی خستۆتە سەر زۆر بابەت و تەوەر لەوانە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات، ڕاگەیاندن ،سەروەری یاسا ، ئازادی سیاسی، هەڵبژاردنەکان، پەرلەمان ، دەستور ، ژیانی ناوخۆی حیزبە دەساڵاتدارەکانی کوردستان و گیانی دیموکراتی له ناویاندا هەروەها باسی له سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەریەکانی کوردستان کردوە لەگەڵ نارێکی له دانانی پۆستە حکومیەکان لەلایەن حیزبەکانەوە ئەوە سەرەڕای باسکردن له نا یەکسانی و دادپەروەری و قووڵبوونەوەی ئەو کێشانە بەسەر یەکدا . نووسەری ئەو کتێبە سەرکەوتوانە تاڕاددەیەکی زۆر توانیوێتی بەشێوازێکی شارستانی و سەردەمیانە باس له زۆربەی ئەو گرفتانە بکات کە تاکی کورد ئەمڕۆ له کوردستانی نیمچە سەربەخۆ هەستی پێدەکات و یان پێیەوە گرفتارەو چارەسەیشیان بۆ بدۆزێتەوە تاکو له سایەی دەسەڵاتی کوردی بتوانرێت دیموکراتی و ئازادیە سیاسیەکان به کردارەوە بێتە مەیدانی پراکتیزەبوون و له ئانجامیشدا ژیانی تاکی کورد بەرەو کامەرانی ببات. ئەو پەرتووکە شایستەی ئەوەیە کە چەندان جار لەلایەن سیاسەتمەداران و دەسەڵاتدارانی کوردی بخوێنرێتەوە چونکە لەراستیدا هەموو گلەیی و خۆزگەو ئاواتەکانی میللەتەکەمانی له خۆ گرتوە نەوەک بۆ تێکدان یان ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی کوردی بەڵکو بۆ زیاتر گەشەسەندن و پێشخستن و خۆشگوزەرانی و سەپاندنی یاسا و ئازادیەکان له ژێر چەتری حوکمەتی هەرێمی کوردستان . ماوە کە بڵێم نووسەر ئەگەر چی گەنجە بەڵام خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە بە پلەی نایاب و پرۆفیسۆری یاریدەدەریشە له زانکۆی سەلاحەدین و چەندان بڕوانامەی تریشی له دەرەوەی کوردستان بەسەرکەوتوویی وەدەست هێناوەو چەند پەرتووکێکی تریشی بە چاپ گەیاندوە. لێرەوە بەباشم زانی تەنها پێشەکی کتێبەکە بۆ ئێوەی بەڕێز بخەمە ڕوو:




## پێشەکی

دەتوانین هەرچی ئەوەی دەربارەی هەر بارێك لەبارەکانی کوردستانی باشوور دەگوترێ و دەنووسرێ، بەتایبەتیش دەربارەی باری رامیاری، بۆ دوو جۆر گوتارو نووسین بپۆلێنین: یەکەمیان ئەو گوفتارو نووسینانەی بابەتەکانیان بریتین لەباری سیاسی ئەو هەرێمە لەمیانەی دەوڵەتی عێراقدا: ئایا کێشەی کورد لەعێراق بەچی دەگات؟ گەلی کوردستان چی بکات لەم قۆناغەدا؟ ئەگەرەکانی تایبەت بە ئایندەی عێراق چین؟ کەی و چۆن ناوچە دابـڕاوەکان دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان؟... کە دەکرێ بە **بابەت و پرسی نەتەوەیی** ناوی ببەین.

جۆری دووەمی گوفتارو نووسینەکانیش لەسەر باری ناوخۆیی هەرێمی کوردستان دەدوێن: حکوومەتی هەرێم تا چەند لەبەڕێوەبردنی هەرێم سەرکەوتووە؟ کێشەی گەندەڵی بۆچی سەریهەڵداو قەبارەکەی چەندەو چۆن چارەسەر دەکرێت؟ سیستەمی رامیاری لە کوردستان تا چەند سیستەمێکی راست و درووست و گونجاوە؟ باری دیموکراسی لەهەرێمی کوردستاندا چۆنە؟... کە دەکرێ بە **بابەت و پرسە ناوخۆییەکانی هەرێم** ناوی ببەین.

لێرەدا زۆر گرنگە بزانین کام جۆر لەو گوفتارو نووسینانە لەوەی تریان بۆ گەلی کوردستان گرنگترە؟ ئایا پێداگرتن لەسەر یەکێکیان تا چەند زیان بە ئەوەی تریان دەگەیەنێ؟ ئایا پەیوەندی و کاریگەریان لەسەر یەك هەیەو تا چ ئەندازەیەك؟

هۆی ئەو گرنگیەش لەوەدایە، ئەو تەمومژە رادەماڵێ لەسەر ئەو کێشەیەی چەندین جارە لە کوردستان سەرهەڵدەدا لەسەر ئەو بابەت و پرسانەی لەلایەن جەماوەری کوردستان و کوردستانیانی دەرەوەی وڵات و میدیا کوردیە ناوخۆیی و دەرەکیەکان داکۆکیان لەسەر دەکرێت: لە کاتێکدا هەندێك داکۆکی و تەرکیز لەسەر پرس و کێشە ناوخۆییەکانی هەرێم دەکەن وەك گەندەڵی، باری مافەکانی مرۆڤ لەهەرێم، نەبوونی هەڵبژاردن، نایەکسانی، قۆرخکردنی دەسەڵات و باڵکێشانی رەهای پارتە دەسەڵاتدارەکان بەسەر وردو درشتی ژیانی کۆمەڵگای کوردستانی، لاوازی خزمەتگوزاریە گشتیەکان، نەبوونی رۆڵی پەرلەمان... هتد، هەندێکی تر پێیان وایە هێشتا زۆر زووە باس لەو پرس و کێشەو دۆزانە بکرێت، چونکە هێشتا کەشتی نەتەوەیی نەگەیشتۆتە کەناری دڵنیایی و هێشتا دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان وازیان لە گەلی کوردستان

نەهێناوە، هێشتا خەونە نەتەوەییەکان بەتەواوی نەهاتوونەتە دی...

لەکاتی هەڵبژاردنەکانی عێراق و دەنگدان لەسەر دەستووری هەمیشەیی عێراق ئەو کێشمەکێشمە زیاتر زەق بووەوە: لەو کاتەی خەڵکێکی زۆرو هەندێکیش لە لایەنە سیاسیەکان باسی بابەتی ناوخۆیی هەرێمیان دەکرد، دوو پارتی سیاسی فەرمانڕەوا لە کوردستان، داکۆکیان لەسەر دۆزی نەتەوەیی دەکردو دەیانگوت ئەو بابەتانە دەکرێ دوای ئەو هەڵبژاردن و دەنگدانە قسەیان لەسەر بکرێت و چارەسەر بکرێن.

ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی بنکۆڵی ئەو مەسەلەیە بکەین، بۆ پرسیاری یەکەمی سەرەوە دەگەینە ئەو وەڵامەی کەوا هیچ کام لەو دوو جۆرەی گوفتارو نووسینەکان بایەخی لەوەی تر کەمتر نیە، هەم بابەت و پرسە ناوخۆییەکان گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، هەم بابەت و پرسە نەتەوەییەکەش، ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەنجامی کۆتایی هەردوو جۆری بابەت و پرسەکان لەدواجاردا لەسەر یەك تاقە مەسەلە رەنگدانەوەی دەبێت ئەویش ژیانی میللەتە، واتە گەلی کوردستان:

- ئەگەر کوردستان بەتەواوی رزگاری ببێ و دەوڵەتی کوردستانی باشوور دابمەزرێ هەڵبەت ژیانی گەلی کوردستان دەچێتە قۆناغێکی جودای ترو گۆڕانکاری بەرچاوی بەسەردا دێت وەك لەوەی هەر لەم چوارچێوە یاسایی و دەستووریەی ئێستاکەی بمێنێتەوە وەکو هەرێمێکی فیدراڵی لە عێراق. لەهەمان کاتیشدا ئەگەر خوانەخواستە ئەو دەستکەوتانەی تاکو ئێستا بەدیهاتوون کەم ببێتەوە، رەنگدانەوەی نێگەتیڤانەی لەسەر دۆزەکە دەبێت و دواجاریش لەسەر ژیانی خەڵك رەنگ دەداتەوە. لەهەردوو باریشدا بەڕوونی دەردەکەوێ بابەت و پرسی نەتەوەیی گرنگیەکی چەند سەنگینی هەیە.

- لەبەرامبەریشدا ئەگەر کێشەو گرفتە ناوخۆییەکانیش لەچەشنی گەندەڵی و نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بێبەشبوون و ناسەروەری یاساو... هتد چارەسەر بکرێن و نەمێنن، باری گوزەرانی خەڵکی کوردستان زۆر باش دەبێت و هەستکردنیان بە ئاسودەیی زیاتر دەبێت، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر ئەوان کێشەو گرفت هەر بەردەوام بن، ئەوا هەڵبەت ژیانی میللەت و ئاستی خۆشگوزەرانی هەر لەدابەزیندا دەبێت و خەڵك ئەو کەیفەشی نامێنێت کە بەو دەستکەوتانەی تاکو ئێستا بەدەست هاتووە هەیەتی. لەهەریەك لەدوو بارەکەش گرنگی بابەت و پرسە ناوخۆییەکانی هەرێم بەڕوونی بەدیار دەکەوێت.

بۆ پرسیارەکەی تریش: تەرکیزکردن لەسەر توێژینەوەو باسکردنی بابەت و پرسە ناوخۆییەکان هەرگیز کاریگەری خراپی لەسەر پرس و بابەتە نەتەوەییەکە نابێت:

- ئەگەر ترس لەوە بێت دوژمنانی کوردستان ئەو جۆرە باسکردنانەی باری شپرزەو خراپی ناوخۆیی دەقۆزنەوەو دەڵێن ئەوان داوای ئەمەو ئەوە دەکەن کەچی خۆیان هێشتا لەنێو خۆیاندا ناکۆکن یان ناتوانن بەچاکی خۆیان بەڕێوە ببەن، ئەوا خودی ئەو ترسە بەڵگەیە لەسەر گرنگی ئەو باسکردنەو هەوڵی دۆزینەوەی چارەی گونجاو بۆ کێشەو ناکۆکیە ناوخۆییەکان تاکو نەبێتە ئەو بیانووە بە دەست ئەو ناحەزو دوژمنانەی کوردو کوردستان. جگە لەوەش ئەمڕۆکە لە سەردەمی جیهانگیری و شۆڕشی زانیاری و ئەنتەرنێت و پەخشە ئاسمانیەکان لەسەر ئەوە نەوەستاوە خەڵکێك چی لەبارەی خۆی دەڵێت یان ناڵێت، ئەمڕۆکە هەرچی رووددەدات و رووناداتە لەهەر وڵاتێکی دنیادا هەمان سات و زەمان لەسەرتاپای دنیا دەزاندرێ و بڵاو دەبێتەوە.

- ئەگەریش ترس لەوەدا ئەوەیە خەڵك و سەرکردایەتی سیاسی گەلی کوردستان بەو شتە ناوخۆییانە خەریك دەکات و ئەوەش دەبێتە کەمبوونەوەو لاوازبوونی هەوڵ و کۆششەکان لەسەر ئاستی نەتەوەیی، ئەوا ئەو ترسەش لەجێگەی خۆی نیەو بگرە پێچەوانەکەی راستە: کاتێك گەلی کوردستان و سەرکردایەتیە سیاسیەکەی پرس و کێشە ناوخۆییەکانی کەمتر دەبێت، کە دیارە ئەوەش بە باسکردن و توێژینەوەی ئەو پرس و کێشانەو چارەسەرکردنیان دێتە دی، ئەو کاتە تواناو وزەی زیاتری دەبێت بۆ بەرێوەبردنی دۆزی نەتەوەیی.

- لەهەمان کاتیشدا تەنها باسکردن و توێژینەوەی پرسی نەتەوەیی و کێشەی گەلی کوردستان لەمیانەی عێراقداو فەرامۆشکردنی پرس و کێشە ناوخۆییەکان زیانێکی یەکجار زۆر بەو گەلەو تەنانەت ئەو دەستکەوتانەش دەگەیەنێ کە تا ئەو سات و کاتە هاتوونەتەدی و هەڕەشەکانی سەریان زیاتر دەکات. ئەوەش لەبەر راستیەکی زۆر سادە کە لەلای هەموو کەسێك ئاشکرایە: باس نەکردن و پەردە دانان لەسەر هەر گرفتێك لە گرفتەکان رێگەچارە نیە بۆ ئەو گرفتەو شیکاری ناکات، بەڵکو راکردنە لە واقیع و رازی بوونە بە مانەوەی گرفتەکەو گەورەبوونی قەبارەکەشی بەتێپەڕبوونی کات.

ئەگەر بەدوای وەڵامی پرسیاری سێیەمی سەرەوەش بگەڕێـین، زۆر بە دڵنیایی و لەمیانەی ئەزموونی دوورو درێژی هەم گەلی کوردستان هەم گەلانی تریش لە دنیادا بەدرێژایی مێژوو، دەتوانین بڵێـین بەڵێ پرس و بابەتە ناوخۆییەکان کاریگەریەکی یەکجار زۆریان لەسەر پرس و بابەت و دۆزی نەتەوەیی هەیە بە هەردوو ئاڕاستەی هەم باش هەم خراپ: ئەگەر بەڕێوەبردن و حوکمڕانی لەسەر ئاستی ناوخۆییەوە دیموکراسیانەو بێ گرفتی سیاسی و لەسەر بنچینەی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بێت، ئەو کاتە سەرکردایەتی سیاسی گەلی کوردستان بە قورساییەکی زیاترەوە رووبەڕووی کێشە نەتەوەییەکان دەبێتەوە، چونکە ئەو دەمە خەڵکی کوردستانی بەهەموو چین و توێژەکانیەوە لەپشت دەبێت و لەهەمان کاتیشداو لەبەر نەبوونی ئەو گرفتانەی لەئەنجامی بەڕێوەبردن و حوکمڕانی خراپ سەرهەڵدەدەن، زیاتر دەپڕژێتە سەر بابەت و دۆزو کێشەی نەتەوەیی هەم لەگەڵ هاوسێیانی کوردستان و هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیشەوە. دیارە پێچەوانەی ئەوەش هەر راستە: ئەگەر باری ناوخۆیی پڕ بێت لە گرفت و تەنگوچەڵەمە کە لەئەنجامی پەیڕەونەکردنی بنەمایەکانی فەرمانڕەوایی باش و فەرامۆشکردنی مافەکانی مرۆڤ و گەندەڵی و ململانێی نادیموکراسیانە لەسەر دەسەڵات و فەرامۆشکردنی میللەت لەلایەن دەسەڵاتداران و هەر کەس خەریك بوون بە خۆدرووستکردن و پێکهێنانی سامان لەسەر حیسابی خەڵك و جەماوەر سەرهەڵدەدەن، ئەوا کاریگەری نێگەتیڤانەی لەسەر دۆزی نەتەوەیی دەبێت کە دەتوانین لێرەدا ئاماژە بە دوو بەڵگەی مێژووی زۆر نزیك بکەین: یەکەمیان ئەو شەڕی ناوخۆییە بوو لەهەرێمی کوردستان لەنێوان دوو پارتی دەسەڵاتدار کە چۆن و چەندین کەڕەت هێندەی نەمابوو سەرتاپای ئەزموونەکەو ئەوەی بەدەست کەوتبوو هەر هەمووی لەبار ببات و چەندین هەلی بۆ داگیرکەرانی کوردستان رەخساند تا ئەوەی لەتوانایاندا هەبوو بەرامبەر ئەزموونەکە ئەنجامی بدەن. نموونەی دووەمیش ئەو بارودۆخە بوو کە لەکاتی هەڵبژاردنەکانی عێراق لەساڵی 2005 هاتە کایەوە کاتێك هەردوو پارتی سیاسی فەرمانڕەوا هەستیان بەوە کرد جەماوەری کوردستان ناڕازیەو ئەگەری ئەوە هەیە وەکو دەنگدان لەسەر دەستوورەکە هەمان شت لەبەشداریکردن لەو هەڵبژاردنانەش ساردی بنوێنن کە ئەوەش لەبەر ئەو بارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیە ناهەموارە بوو کە لەمیانەی چەندین ساڵی پێشووی فەرمانڕەواییان لەکوردستان سەری هەڵدابوو.

ئینجا ئەوانە هەمووی بەلایەك، ئەو راستیەش بەلایەك کە حوکمڕانیکردنی **سیاسی** میللەتێك یان کۆمەڵە خەڵکێك هەرچەند ژمارەیان کەم بێت یان لەسایەی هەر سیستەمێکدا بن (دەوڵەت یان ویلایەتێك لەناو دەوڵەت، یان ئۆتۆنۆمی یان هەر جۆرێکی تر) و تەمەنی ئەو حوکمڕانیەش هەرچەند بێت، تازە هاتبێتە دامەزران یان ماوەیەکی کورت یان درێژ بێت، کۆمەڵێك بنەماو بنچینەی هەیە لەسەر حوکمڕانەکان پێویستە لەبەرچاوی بگرن و لەسەریان بڕۆن کە لەئەنجامدا حوکمڕانیەکی باشی لێدەکەوێتەوە، کە دیارە لێرەدا مەسەلەکە زۆر جیاوازە لەگەڵ مەسەلەی حوکمڕانیکردنی حیزبێك یان لایەنێك یان بەرەیەکی سیاسی. ئەگەرچی، بەپێی پێوەرە دیموکراسیەکان، ژیانی ناوخۆیی حیزب و چۆنیەتی درووستبوون و بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لەناو خودی حیزبی سیاسیش لەسەر بنچینەو بنەمای تایبەتی دەبێت، بەڵام هێشتا دەرفەتێك هەیە پارتی سیاسی ئەو بنچینەو بنەمایانە لەهەندێك قۆناغ و بارودۆخدا فەرامۆش بکات یان پەیڕەویان نەکات وەك هەندێك لەکاتەکانی خەباتی نهێنی یان چەکداری. بەڵام کاتێك قسە دێتە سەر دەسەڵاتێکی سیاسی و حوکمڕانیکردنی میللەتێك، هەرگیز دەرفەتێك لەبەردەم هیچ کەسێك نیە خۆی لەو بنەماو بنچینانە بدزێتەوە،

جا لەژێر هەر پەردەو بیانوویێك بێت.

هێڵی جیاکەرەوەی نێوان ئەو دوو بارەش روون و ئاشکرایە: پارت و لایەن و بەرەی سیاسی ئەو کاتە دەچێتە قۆناغێکی نوێ کە **دەسەڵاتێکی سیاسی** وەردەگرێت یان بەشداری تێدا دەکات. کەهاتە ناو ئەو قۆناغەش لەمەولا دەبێت پەیڕەوی هەندێ بنچینەو بنەما بکات کە رەنگ بوو لەمەوبەر کەس لەسەریان یەخەی نەگرتبا، بەڵام ئەمڕۆکە لەسەریان یەخەی دەگیرێت.

گرنگی ئەو راستیەش لەوەدایە کە رێگە لە بەرزکردنەوەی هەر بیانوویێك دەگرێت لەلایەن هەر پارت و لایەنێکی فەرمانڕەوا کە بڵێ بۆیە بنەماو بنچینەکانی فەرمانڕەوایی باش و چاك پەیڕەو ناکەم چونکە هێشتا سەربەخۆییمان وەرنەگرتووە یان نەبووینە دەوڵەت.

ئەو جۆرە دەنگانە زۆر جار لە کوردستان بیستراوەو دەبیستڕێ، لەڕاستیشدا بیانوویێکی لاوازەو زۆر بەئاسانی رەت دەکرێتەوە: ئەگەر لایەنێك یان کۆمەڵە لایەنێکی سیاسی لەچەند قۆناغێکی جیاجیای پێش بوونی کوردستان بەدەوڵەت نەتوانن حوکمڕانی باش پەیڕەو بکەن، گەرەنتی چیە لەدوای بوونی بە دەوڵەت ئەو جۆرە حوکمڕانیە پەیڕەو دەکەن؟! بگرە هەموو بەڵگەکان ئەوە پێشان دەدەن کە ئەودەمی حوکمڕانیەکە لەوەی ئێستا هەیە خراپتریش دەبێت: ئەگەر بڕوانینە مێژووی هاتنەکایەوەی دەسەڵاتی سیاسی لەهەرێمی کوردستان، هەر لەسەردەمی بەرەی کوردستانی تاکو ئەمڕۆ، دەبینین هاوتەریب لەگەڵ رۆژ لەدوای رۆژ باشتربوونی باری دۆزی کوردو هەرێمی کوردستان لەڕووی واقیعی و یاساییەوە، رۆژ لەدوای رۆژ سیستەمی حوکمڕانی بەرەو پاش دەچوو، بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ناوخۆی کوردستان روو لەخراپتر بوو: سەردەمی کابینەی دووەم لەهی یەکەم ناهەموارتر بوو، هی سێیەم لەهی دووەم ناهەموارتر بوو... سەردەمی دوو حکوومەتەکە لەسەردەمی یەك حکوومەتەکە ناهەموارتر بوو... سەردەمی فیدڕاڵی کوردستان لەدەستووری عێراق ناهەموارتر لەسەردەمی فیدڕاڵیە لەیەکلا راگەیەندراوەکە... هەمیشە کۆچکردنی خەڵك و بەجێهێشتنی کوردستان هەر لەزیادبووندا بوو، گەندەڵی هەر زیادی دەکردو دوێنی لەئەمڕۆ باشتر بوو، کۆنترۆڵی دەسەڵات و کۆمەڵگاو مەرکەزیەت هەمان شت، باری مافەکانی مرۆڤ هەمدیس وەکو ئەو... بەشێوەیەك خەڵکێکی زۆر ئێستاکە لە کوردستان هەن تەواو لەو باوەڕەدان ئەگەر باری هەرێمی کوردستان لەڕووی یاساییەوە هەنگاوێکی تریش بچێتە پێش و ببێتە دەوڵەت، سیستەمی حوکمڕانی و بەڕێوەبردنەکەشی لەلای خۆیەوە هەنگاوێکی تر دەچێتەوە دواوە.

پێویستەو کاتی ئەوە هاتووە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان چیتر بەبیانووی ناسکی بارودۆخ و هەڕەشەکانی سەر دۆزی کورد، پاساو بۆ حوکمڕانی نادرووست و ژیانی سیاسی و ئابووری و ئەکادیمی و شپرزەو پڕ گرفت نەهێنێتەوە. زۆر لەنەتەوەو گەلانی تریش لەسایەی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە تاڵی و سوێری زۆریان نۆشی، زۆر پارت و لایەنی سیاسی چەندین نەوەی یەك لەدوای یەکی میللەتەکانیان بەو دەردە برد، هەموومان بینیمان و دەبینین پارتە سیاسیە عەرەبیە نەتەوەییەکان کە دەسەڵاتی سیاسیان لەهەندێ وڵاتی عەرەبی وەرگرت چۆن بەبیانووی هێشتا رزگارنەبوونی قودس و هەبوونی ئیسرائیل و هێشتا نەهاتنەدی وەحدەی عەرەبی دەیان ساڵ بەدیکتاتۆریەت و گەندەڵی و بەفیڕۆدانی سامان و داهاتی میللەتەکانیان و زەوتکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە سیاسیەکان و بەزەبری ئاگرو ئاسن و دەزگایەکانی ئەمن و موخابەرات حوکمڕانیان دەکردو ملیۆنەها کەسیان کوشت و شوێن بزر کردو ملیۆنەهای تریشیان پەرگەندەی وڵاتان کردو ملیارەها دۆلاریشیان لێ دەدزین و لە حیساباتی خۆیان دایان دەنا یان لەکڕینی چەك و تفاق سەرفیان دەکرد.

هێشتا دەرفەت لەبەردەم دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان ماوە متمانەی جەماوەری کوردستان بۆ ئاستی جارانی بگەڕێنێتەوە، ئەوەش بە بەرپاکردنی فەرمانڕەواییەکی باش کە دیارە ئەوەش بەهەنگاوی کرداری دێتە دی نەك بە بەڵێن و قسەو گوفتار، کە ئەمەشی کرد ئەو کات زۆر بە متمانەتر لەجاران دەتوانێ رابەرایەتی دۆزە نەتەوەییەکەش بکات.

ئینجا لەتەك ئەو راستیەی سەرەوەش، چەندین فاکتەری حوکمڕانی باش هەن کە نەبوونیان بووەتە مایەی بەرپابوونی ناڕەزایی جەماوەری، هەروەها چەندین گرفت و کەموکوڕی لەچۆنیەتی بەڕێوەبردنی کوردستان هەن کە هەمان شت مایەی نیگەرانی خەڵکی کوردستان و بابەتی رەخنەی نوسەرو رۆشنبیرو ئەکادیمیست و یاساناسانی کوردستانن لە دەرەوەو ناوەوەی وڵات، ئەو فاکتەرو گرفت و کەموکوڕیانە، لەهەر وڵاتێکی دنیادا بێت نەك تەنها لە کوردستان، بەهیچ شێوەیەك لەنزیك یان لەدوور پەیوەندیان بە بارودۆخی وڵاتەکەوە نیە لەسەر ئاستی دەرەکی: بۆ نموونە گەندەڵی چ پەیوەندیەکی بەوە هەیە کوردستان هەرێمێکی فیدڕاڵی بێت لە عێراق یان وڵاتێکی سەربەخۆی هەبێت؟ ئایا ئەو کەسەی گەندەڵی دەکات، سوودی ناڕەوا لە پلەوپایەکی حکوومی یان حیزبی دەبینێ و خۆی لەسەر حیسابی میللەت و لەپارەو سامان و داهاتی خەڵك دەوڵەمەند دەکات بۆیە وا دەکات چونکە هێشتا کوردستان نەبوویتە دەوڵەت یان هێشتا کەرکووك رزگار نەکراوە؟ ئایا ئەو پارتە دەسەڵاتدارانەی ئەو گەندەڵکارانە نادەنە دادگا چاوەڕێی ئەوە دەکەن کە کوردستان بووە دەوڵەت ئەو کات بیاندەنە دادگا؟! ئایا ئەو نایەکسانی و ناعەدالەتیەی لەنێوان خەڵکدا دەکرێ، لەبەر ئەوەیە چونکە داگیرکەرانی کوردستان هەڕەشە لە کوردستان دەکەن؟!!

بەڵام لەبەرامبەر ئەوەی لەسەر دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان پێویستە چیتر خەباتی نەتەوەیی و هێشتا بەتەواوی رزگارنەبوونی کوردستان و یەکلانەبوونەوەی کێشەکەی نەکاتە بیانوو بۆ پاشکەوتوویی و نالەباری حوکمڕانیەکەی بۆ هەرێمی کوردستان لەئێستاو رابردووداو لەباتی ئەوە دەست بکات بە خۆشکردنی زەمینە بۆ پەرپابوون و سەرهەڵدانی حوکمڕانیەکی باش، لەسەر خەڵکی بەرهەڵستکاری خەمخۆر لە کوردستانیش پێویستە لە هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەدای دەسەڵاتی سیاسی کوردی جیاوازی لەنێوان دوو شتاندا بکەن: ئەدای ئەو دەسەڵاتە لەسەر ئاستی دەرەوە لەلایەك و ئەدای هەمان دەسەڵات لەسەر ئاستی ناوخۆیی و بەڕێوەبردنی کوردستان، کە ئێمە لەو باوەڕەداین دەسەڵاتی سیاسی ئەگەرچی لەوەی دووەمیان تاکو ئێستا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، بەڵام لەوەی یەکەمیان شتی گەورە بەدەست هاتووە.

لەهەموو ئەوانەی باسکران دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەوا ئەمڕۆکە لە کوردستان پێویستیەکی یەکجار زۆر بە بەخۆداچوونەوە هەیەو، بەپێچەوانەی ئەوەی کە هەندێ جار لێرەو لەوێ دەگوترێ، توێژینەوەی بارودۆخی ئێستاو ئەو نزیك پازدە ساڵەی رابردووی تەمەنی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان و دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکان و ئەو فاکتەرانەی بوونەتە هۆی بەرپانەبوونی حوکمڕانیەکی باش نەك هەر زیانی نیەو سوودی هەیە، بەڵکو بۆتە ئەرکێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی و ئەرکە لەسەر شانی هەموو دڵسۆزێك کە بەلایەنە خراپ و بۆشایی و خاڵە لاوازەکانی حوکمڕانی کوردستان ئاشنایە پێشکەشی بکات و بیخاتەڕوو تاکو لەئەنجامی ئەوەدا بتواندرێ کار بۆ چارەسەری ئەو خاڵە لاوازو پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانە بکرێت و لەدواجاردا حوکمڕانیەکی باش بەرپا ببێت و لە کوردستان بێتەدی، کە دیارە بەو جۆرە حوکمڕانیەش هەم میللەت و جەماوەر دەبنە پاڵپشت و قەڵغان بۆ دەسەڵاتی سیاسی لەخەباتە نەتەوەییەکەیداو ئەویش بە متمانەو گوڕو تینێکی زیاتر رابەرایەتیان دەکات لەو خەباتە، هەم گەل و میللەتانی ئازادیخوازی جیهانیش بۆیان دەسەلمێ گەلی کوردستان گەلێکە شایستەی ئەوەیە وەکو هەموو گەلانی تری دنیا سەربەخۆو ئازاد بێ و قەوارەی سیاسی تایبەت بەخۆی هەبێت و خۆی فەرمانڕەوایی خۆی بکات.

دیارە ئەم پەرتووکەی بەردەستیش لەم خولگەیە دەسووڕێتەوە، هەوڵی دۆزینەوەو دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازو کەموکوڕیەکانی سیستەمی حوکمڕانی لە کوردستان دەدات هەر لەسەرەتای هاتنەکایەوەی ئەو دەسەڵاتە تاکو ئێستا، ئەمەش بەشێوەیەکی ئەکادیمی و بە لەبەرچاوگرتنی رێبازی زانستیانەی توێژینەوەو سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی ترو کەلەپووری هزری مرۆڤایەتی و گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی رەسەن و توێژینەوە ئەکادیمی و زانستیەکان لەسەرجەم ئەو بابەت و پرسانەی خراونەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

ئەم پەرتووکەش لەراستیدا ماوەیەکی یەکجار درێژ پێوەی خەریك بووم کە دەکەوێتە نێوان سەرەتایەکانی ساڵی

2000و سەرەتایەکانی ساڵی 2007. لەسەرەتادا بریتی بوو لەبابەتی سەربەخۆی جۆراوجۆر لەبارەی سیستەمی حوکمڕانی لە کوردستان و ئەدای حکوومەتی هەرێم لە راپەڕاندنی کاروباری خەڵکی کوردستان و هەندێ بابەتی ئابووری و هەندێ کێشەی کۆمەڵایەتی و باری خوێندنی زانکۆیی و ئەکادیمی و چەندین مەسەلەی دیکە، بەڵام دواتر بەباشم زانی هەموویان لەچوارچێوەی پەرتووکێکدا کۆ بکەمەوە. ئینجا ماوە هەبوو بەردەوام کارم تێدا کردووەو چەندین جاریش بۆ ماوەی کورت یان درێژ نەمتوانیوە لەگەڵی بەردەوام بم بەهۆی خوێندنی دکتۆرا یان ئەرکی ئەکادیمی و وانەگوتنەوەم لە کۆلێژەکانی یاساو ماف و زانستە رامیاریەکان و ئەکادیمیای پۆلیس. هەربۆیە خوێنەر دواتر هەست بە جودایی قۆناغ و کاتەکان دەکات کە بابەتەکان لێیان نووسراون. ئەو ناوەش کە لەسەر بەرگەکەی نووسراوە لەو مەبەستە دامتاشیوە کە نووسین و بابەتەکانی ناو لاپەڕەکانی لەپێناویدا دەخرێنەڕوو، چونکە ئەو باوەڕەی لەلای ئێمەو خەڵکێکی یەکجار زۆری تریش لەماوەی ئەم چەندین ساڵەی رابردوو درووست بووە ئەوەیە کە پێویستە کار لەپێناو کوردستانێکی نوێ بکرێت و لاپەڕەیەکی نوێ لەژیانی گەلی کوردستان بکرێتەوە، ژیانێك لەسەر بناغەیەکی درووست بنیاد بندرێت هەم لەڕووی سیاسیەوە هەم لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و زانستیش.

ئەو پلانەی لە سەرجەم بابەتەکانی نێو پەرتووکەکە هەوڵمداوە لەسەری بڕۆم، توێژینەوەی بابەتەکە بووە لە سێ گۆشەوە:

یەکەم: گرفت چیەو لەکوێـیە؟

دووەم: هۆی سەرهەڵدانی ئەو گرفتە یان فاکتەرەکانی چین؟

سێـیەم: چۆن چارەسەر دەکرێت و رێگەچارە چیە؟

بەڵام ئەوەی زیاتر پێـی لەسەر داگیراوە خاڵی سێـیەمە، واتە دۆزینەوەو دەستنیشانکردنی رێگەچارەی گونجاو بۆ هەر گرفتێك کە خراوەتە روو، ئەوەش لەبەر ئەوەی کە ئەگەرچی باوەڕم وایە ئەو کەسانەی تەنها ئاماژە بەبوونی گرفتێك یان کەموکوڕیەك دەدەن، بۆ نموونە تەنها ئەوەندە دەڵێن بەرپرسە حکوومی و حیزبیەکان گەندەڵی دەکەن، ئەو گوتنەیان دەبێ جێگەی رێزو دەستخۆشی بێت چونکە ئەگەر هیچیان نەکردبێت وشیارکردنەوەیەکیان لەسەر ئەو کێشەیە ئەنجامداوە، بەڵام ئەگەر هەمان کەس بێت هۆ یان فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی ئەو گەندەڵیە دەستنیشان بکات ئەوا دوو جار جێگەی رێزو دەست خۆشیە. خۆ ئەگەر ئەو کەسە بێت رێگەچارەش پێشکەش بکات هەڵبەت کارەکەی سوودی زیاترو بەرهەمدارتر دەبێت.

هەروەك ئاماژەشمان پێدا بابەتەکانی ئەو پەرتووکە لەخولگەی تەوەرە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئەکادیمی و ئەدەبی و هونەریەکانی تایبەت بە کوردستانی باشوور دەخولێنەوە کە کردوومن بە چەند تەوەرێکی سەرەکی: ژیانی رامیاری و ژیانی ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتی و زانستی و فەرهەنگی لە کوردستاندا. بەڵام لەبەر نەبوونی کات و دواکەوتنی بۆ ماوەیەکی درێژ بڕیارمدا جارێ لایەنی کەم ئەو بەشەی تایبەتە بە ژیانی سیاسی هەمووی کۆ بکەمەوەو لێکی بدەم و ئامادەی بکەم بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە کە ئەویش لە دواجاردا بەو شێوەیە دەرچوو کە ئێستا وا لەبەردەستی خوێنەری ئازیزە بەو ئومێدەی لەنزیکترین دەرفەتدا بتوانم بابەتەکانی تریش رێك بخەمەوەو ئەوانیش بڵاوبکەمەوە.

لە کۆتاییدا، هیوادارم توانیبێتم لەو کارەمدا سوودێکم بە وڵاتی خۆم کوردستان و خەڵکی خۆشەویستی کوردستان گەیاندبێ و بەم بۆنەیەش سەرجەم خوێنەران دڵنیا دەکەمەوە لە دڵخۆشی و کامەرانیم بەهەر تێبینی و سەرنجێکیان لەسەر هەر بابەت و خاڵێك لە پەرتووکەکە هاتبێت و جێگەی سوپاس و پێزانینم دەبێ.

تویژەر

نیسانی 2007

هەولێر